# تەمسیلی «سەرفترە»

چیرۆکی : حەسەنی قزلجی
ئامادەکردنی بۆ تەلەفزیۆن
ئاشتی عوسمان دانش

### دیمەنی یەکەم

«کامێرا جووڵەو کاروباری ناو بازار پیشان ئەدات . دیمەنی رووی گشتی بازار ، مامەڵەو سەواو کڕین‌و فرۆشتن... چەند حەماڵێك لەبەر دوکانێکدا ڕۆن یان ئارد لەسەر لۆری دائەگرن .. میرزا ساڵح کاتبی حاجی ڕەشید ، دەفتەرێکی بە دەستەوەیە حسابات ئەکات . لەگەڵ حەماڵەکان نیشانەی چۆنێتی داگرتن‌و بردنی شت‌ومەکەکەیان پێ‌نیشان ئەدات»«**بڕین**»

### - دیمەنی دووەم -

(دوکانی حاجی ڕەشید . مەحەلێکی کەمێك پۆشتە ، دوو قەنەفەی تەختەی تیادانراوە ، دوو فەرشی بچووك لە سەر قەنەفەکان داخراون... لای سەرەوەی دوکانەکە لە ناوەڕاستدا مێزێك دانراوە ، کورسی‌یەکی گەورە لە پشتی مێزەکەوەیە ، لای ڕاستی مێزەکەوە قاسەیەك دانراوە . حاجی کەواو سەڵتەی لەبەردایە .. خەریکی ژماردنی پارەیە ، حەماڵێك دێتە ژوورەوە)

حەماڵ: سەلام‌و عەلەیکم «چاوەڕیێ‌ی وەڵام ناکات» حاجی ئەوە لۆریە ڕۆ ..

حاجی ڕەشید: «نایەڵێ ، پێ‌ی نەبڕێ» نا .. نا .. نەیەیتە ژوورەوە .... لاچۆ.... لۆری ڕۆی .. نەڕۆی چاوی دەربێ .. ئێستا وەختی ئەمەیە ، بڕۆ دەرەوە ، نەهێڵی کەسیش بێتە ژوورەوە دەی ...

حەماڵ: نا ... نا حاجی لۆری‌یەکە نەڕۆیشتووە ئەڵێم

حاجی ڕەشید «پێ‌ی ئەبڕێ»: ئەڵێ‌ی چی هەرکاتێ مەشغووڵ‌بم ، ئێوە فرسەت ئەهێنن‌و خۆتان ئەکەن بە ژوورا ... چەند جار نەسیحەتم کردن ووتم کەمن خەریك‌بووم مەیەنە ژوورێ . دنیا بڕوخێ بەسەریەکا مەیەنە ژوورێ «بۆخۆی» پەکوو کەئەم گەماڵ باوکانە بێ‌گوێن «پشوو» دەچی بووە بڵێ شەقم‌برد ..

حەماڵ «بە بێ‌زاریەوە»: حاجی ئەڵێم لۆریە ڕۆنەکە نیوەی ماوە لە کام عەمار دایگرین .

حاجی ڕەشید: دەنگ هەڵمەبڕە مردوت مرێ... بۆ فێری قسە نابن . ئەی میرزا ساڵح چی لێ‌هات ؟

حەماڵ: قوربان . میرزا ساڵح خەریکی حساباتی لۆری‌یەکانە.

حاجی ڕەشید: دەبچۆ دەی ئەوەی ماوە بیبە بۆ عەمارەکەی ئەسحابەسپی «حەماڵ ئەڕوا ، حاجی بە پەلە بانگی ئەکاتەوە» وەرە ... وەرە تۆ ناچی ماڵ‌کاول .. بڕۆ ... بە میرزا بڵێ بابێت لە گەڵتانا ، دەبڕۆ دەی مەوەستە .

حەماڵ «بۆخۆی»: خوایە . ئەمە چ دەعەجانێکە . پارە ووری‌کردوە ... خوایە بە ناشکوری نایڵێم حاجی ڕەشید بە قەدەر کێشی خۆی پارەی هەیەو کەس نازانێ چۆنی پەیدا کردوە ...ئێمەش ڕۆژ تائێواری شان‌و قۆڵ ئەکوتین کەچی ئەمەش حاڵمانە .

حاجی ڕەشید: دەبڕۆ دەی «حەماڵ ئەڕوات ، حاجی‌دەست ئەکاتەوە بەژماردنی پارە» ئێ ... ئەمە حسابی ڕۆنەکە ... دوێنێ حسابی برنج‌و شەکرەکەشمان ڕێك‌کردەوە ... باشە . وەڵلا باوکم باشە .. ئەگەر ناکەس بەچەبهێڵێ پارەیەکی مفتی بە ناوچەوانەوەیە . کوڕە باوکم ئەم ساڵحەش نەگریس بووە ... ئێ من ئیشی چی پێ ئەکەم ... هەموو ئیشەکەی ئەوەیە هەندێ پارەی قەرزم لای خەڵکەو ، ئێ کرێ‌ی

انووەکانو .. هەندێ ئیشو کاری بانقیشە ... کەچی ئەو ڕۆژە جەنابی مووشەڕەفی خۆی لێکردوم بە سوالکەر ، وەڵلا چی‌یە بەڵکو سێ ینار . لە معاشەکەی زیاد بکەم ... ئای تڕحێو ... بەخوا جوانە ، مردوت ڕێ بلێ بۆ ناشکوری ئەکەی ... ئەڵێم خزممەو عەیبە ، ئەگینا زۆر هەیە و نرخەی ئەویش کەمتر ئیشو کارم بۆ بەڕێوە ئەبەن . «بڕین»

**«دیمەنی سێیەم»**

کامێرا ئەچێتە سەر میرزا ساڵح لە ناو بازار خەریکی بارداگرتنە ، پاشان چێتە لای چەند دوکاندارێك کرێیان لێ وەرئەگرێت ... پاشان لایەکی ترەوە خەریکی ئیشو کاری عەمارەکانە .. لە گشت ئەم یمەنانەدا میرزا زۆر هیلاك دیارە . چاکتر وایە ئەم چەند دیمەنە کورتە بە یوەی خێرا نیشان بدرێ ، بڕین»

**«دیمەنی چوارەم»**

هەمان دیمەنی پێشوو. حاجی لە دوکانەیدا بە کەماڵێ ئیسراحەت پاڵی اوەتەوە»

حاجی ڕەشید: ئێ بلێ میرزا سالح جەنابت هیلاکی چی‌ئەبی . ردوی ئەقڵت مرێ بۆ بە دەردی خۆتەوە دانانیشی «پشوو»«حاجی کەریم یت»

دجی کەریم: سەلامو عەلەیکم

دجی ڕەشید: وەی عەلەیکە سەلام حاجی کەریم بەخێر هاتی سەرچاو ەرموو دانیشە .

دجی کەریم: خوا عافووتکا حاجی .. سەلامەت بی ئەوە لەبازارەوە اتم ووتم باسەرێك لە کاکە حاجی : بدەمو تۆزیکیش لای دانیشم.

دجی ڕەشید: یاخوا بەخێربی‌ی .. جاباوکم دۆستو ئاشنایان بە هاتوو ووە ووتووە .

. کەریم: ئێ لە گەڵ ڕۆژووەکانتا چۆنی ..

خوا پیاو نەفەسی درێژ نەبێ لە گەڵ ئەم ڕۆژە درێژەدا هەروا ئاسان نی‌یە .

ڕشید: ئەوە حەیفت نەکرد حاجی ، بەو زاتە زاتی خوایە من حەز کەم ساڵ دوانزەی مانگ ڕەمەزانبێ ... باوکم هەرچەندە واجیبەو ەزە . وەڵلاهی یەکاو یەك سبحەتت فەرق ئەکات

. کەریم: ئەڵێم حاجی دەنگو باسی بازارت لە چی‌دایە ؟

. ڕەشید: ئەلحەمدولیلا .. شوکور بۆخوا ... بەڵام کاکە ناهێڵن لەم وە سالحو ، لەولاشەوە ئەو هەتیوەی کوڕم ... هەر ڕۆژەی بەنەوعێ نەو ڕەجوانەم لێ ئەکێشێتەوە .. ئێ بلێ هەتیو کراسێ لە باوکت دادڕە بە ەرەفم بە دوو ساڵیش جارێك قاتێ بۆ خۆم ناکەم .

ح . کەریم: کاکە هار بوون هار ... خۆ ئارەقی بۆ نارێژن .. هار ئەوەندە ئەزانن لە تەڕ بخۆنو لە ووشك بنوون «باسەکە ئەگۆڕی» ئێ ... ئەڵێم ئەو جارەی پێشوو کە لۆریە ڕۆنەکانمان بە یەکەوە بۆ هات ، ئەوەبوو فەرقی دوو تەنەکە بەلای تۆیا کەوت ، جاووتم بۆ ئەوەی تەسویەی حساباتم بکەم ... بەڵکو زەحمەت نەبێ بەیەکێ لە حەماڵەکانا بۆم بنێری ... خۆ هیچ نی‌یە . بەڵام کاکە ئاگامان لە حسابمان نەبێ دوو تەنەکەو سێ تەنەکە ئاوا لێمان تێك ئەچێ کاتبەکانیش بۆیان ئەبێتە دەرفەتو حولی‌ئەیەن .

ح . ڕەشید: ئەوە تۆنەڵێی چی ؟ تۆ بوەستە بووەست (بۆ ماوەیەکی کەم بیر ئەکاتەوە) ناشێ بلێی هەتا ئێستا پێم نەگەیشتووە.

ح . کەریم: ئەوە بەراستە حاجی ڕەشید ؟

ح . ڕەشید: کوڕە باوکم سوێندت لەسەرم نی‌یە ئەو ڕۆژە بە ڕەحیمی حەمالا بۆم ناردی بەخوا جوانە .. پەکوو وەڵلا هەر ئەوەمان مابوو تووشی ئەم بووختانەش بین .

ح . کەریم: کوڕە حاجی ناردنی‌چیو بووختانی چی ؟

ح . ڕەشید ئەستەغفرەڵلا ! ! !

ح . کەریم: باوکم بەسەری ئەولادم نەم دیوە ...

ح . ڕەشید: یەعنی قابیلە بەم هەموو قیافەتەوە درۆت عەرز کەم .. ئەوە خۆ من بیرم نەبوو ڕوبعێکمدا بەرەحیم هەقی نەقڵەکەی . وەڵلا تۆ نەبوویتایە هەر کەسێکی تربوایە لێم داوا ئەکردەوە .

ح . کەریم: بەخوا جوانە ئەمە هەتە ئێستا داوات نەکردۆتەوە ... کوڕە برا ئەمانکەیت بە کێوا . ناردنەوەی چیو تەنەکە ڕۆنی چێ خۆ سیحرمان لێ ناکەیت ؟

ح . ڕەشید: پیاو ئەڵێ گوناحە سوێند لەسەر شتێ وابخۆم . ئەگینا سۆێندم بۆ ئەخواردی .

ح . کەریم: وەڵلا بابە باشە یەعنی بەینی منو تۆ وای لێهات ... بەس حاجی بەس ... وام ئەزانی لۆریە ڕۆنم بۆ ڕۆبکەیت حسابو کتابم لە گەڵ ناکەیت . بەڵام مادام وامرحتاجی ئەو ... نقشەیتان بە نەعلەت بێ «بێ خواحافیزی ئەڕوا»

ح . ڕەشید: تڕحێو ... بەتەمایە فێڵ لە من بکات ئەی قوڕبەسەرت حاجی ... کەریم . «بڕین»

**«دیمەنی پێنجەم»**

«میرزا سالح لە دوکان دانیشتووە کۆمەڵێ کاغەزی لەبەردەمدایە خەریکی نەقڵی حساباتی ئەوکاغەزانەیە بۆسەر دەفتەرێك» «مەنەلۆگی میرزا» وەڵلا باوکم حاجی حسابی دنیاو قیامەتی خۆی باش ئەزانێ . ڕەمەزان بۆ

پیاوێکی وەك ئەو هەم زیارەتەو هەم تیجارەت ... ئیێ ڕەمەزان سێ ژەم خواردنی نیوەڕوانی بۆ ئەگەڕێتەوە . ئەمەش پارەیەکی کەم نی یە ... ئیتر بۆ حەز ناکە ساڵ دوانزەی مانگ ڕەمەزان بێ .. ڕاست ئەکات بۆ سیحەتی باشە «پێ ئەکەنێ» بوختانی بۆ ئەکەن باوکم چۆن دەستی پێوە ناگرێ ، ئەی ئەو ڕۆژ نەیئەوت «برین»

**«دیمەنی شەشەم»**

«کامێرا ، کلۆس ، لەسەر دەمو چاوی حاجی ڕەشید»

ح . ڕەشید: باوکم بازار جێگای دەفتەرو حسابە ، سەرمایە هەرچەندە زۆریش بێ ، کەلێکی ئەدەیتەوە هەر فلسە کەوتۆتە سەریەك ، هەموو فلسێکیش لە دەفتەرا جێگای خۆی هەیە . «برین»

**«دیمەنی حەوتەم»**

«ح . ڕەشید: دوای نوێژ بۆ بەربانگ بەرەو ماڵ ئەچێتەوە بە خێرایی ئەرواتو تەکان بە خۆی ئەدات ، لەپڕ ئەوەستێ، کامێرا ، کلۆس ، لەسەر دەستی حاجی ، لە ناو لەپی دەستیا پاقلاوەیەکی لە پارچە کاغەزێکەوە پێچاوە ، بەپەلە سەیرێکی ئەم لاو ئەولا ئەکاتو ، پاقلاوەکە بە ساخی ئەخاتە دەمیەوە ئەوەندە بەپەلە ئەیخوا خەریکە بخنکێ .... بیسمیللایەك ئەکاتو بە هەمان خێرایی پێشو بەرەو ماڵ ئەبێتەوە «برین» لەدەرگای حەوشە خۆی ئەکا بەژوورا ، خێرا بە پەلە پەرداخێك ئاو ئەکا بە گەرویا .. سفرە داخراوە دوو جۆر خواردنی لەسەرە ، جامانەکەی دائەگرێتو دەست ئەکا بە خواردن ، بێ قەرار گشت خواردنەکان بەسەر ئەکاتەوە ... دەست هەڵئەگرێ.

ح . ڕەشید: ئەلحەمدولیلا ... خوایە شوکور بۆ تۆ ... ئادەی ئافتاو چایەکم بۆ تێکە بافریای جەماعەتو تەراویح بکەوم .

ئافتاو حاجی نۆشی گیانت بێ ... وا چاشت بۆ تێ ئەکەم

ح . ڕەشید: زۆر چاکە .. ئەو نانەش بەزیاد کە بامناڵەکان بیخۆن.

ئافتاو «چاکەی ئەداتێ»: ئەرێ حاجی ئەڵێم ... سەری خۆمانو مناڵەکانت قەبلاندوە ؟

ح . ڕەشید: یارەبی خوا جەزای خێرت بداتەوە ، ئافرەت چاکبوو بیرت خستمەوە ، هاوار بە ماڵم شەیتانی مەلعون بە هەموو فێڵێك خەریکە ڕەنج بە خەسارمان کا ... («پشوو» قومێك لە چایەکا ئەدات) ئەڵێی چی ئافتاو باسەرفترەکە بدەین بە میرزا.

ئافتاو: میرزا سالح پیاوی خۆتە جگەلەوە مەعاشی هەیە لە کوێ سەرفترەی پێ ئەشێ.

ح. ڕەشید: قوربەسەرە ژنێك سێ مناڵی هەیە بۆ چی پێی ناشێ چەند شەو لەمەوپێش مەلا لە مزگەوت ئەیووت خێرو حەسەنات بۆ خزم باشە ، ئێی میرزا خزمی خۆشمانە .

ئافتاو: دەباشە یەك دوو دینار جەژنانەی بەرێ هەم خێرو هەم پیاوەتی ... سەرفترەکەش بدە بە یەکێکی مستەحەق .

ح . ڕەشید: تۆ بەم دەستبڵاوی یە لە جێگای من بوویتایە نە من ئەبووم بە حاجی ڕەشیدو نە تۆش ئەبووی بە حاجی ژن... ئێی هەمیشە میرزا سالحم لەبیربووە.

ئافتاو: باشە چۆنت لا باشە وابکە من مەنعی خێری تۆ ناکەم. (بۆ کوڕەکەی) ئادەی هیوا ڕاکە هەر ئێستا میرزا سالح بانگ کە .. «برین»

**«دیمەنی هەشتەم»**

**«هیواو میرزا بە کۆڵانەکەدا بەڕێوەن بۆ ماڵی حاجی «برین» لە دەرگای دەرەوە دێنە ژوورەوە ، ڕێك ئەچێت بۆ لای حاجی».**

**میرزا: (بەکزی یەوە) سەلامو عەلەیکم**

**ح . ڕەشید: بەخێربێی ... وەرە دانیشە میرزا سالح ئەوا من بە پەلەم ئەڵێم برفریای جەماعەت کەوم ، واقەرارم دا سەرفترەی ئەمساڵ بدەم بە تۆ «میرزا لە دەمو چاویا وادەرئەکەوێ بەزەیی بە خۆیا دێتەوە»**

**ح . ڕەشید: ئادەی ئافتاو... خێراکە نزیکەی دوو هۆقە گەنم بێنە.**

**ئافتاو: گەنمان نی یە ، هەر برنج لە ماڵەوە هەیە برنج ئەبێ .**

**ح . ڕەشید: فەرق چی یە ؟ ئەویش زەوایە .. ئەبێ ..**

**میرزا ناعیلاج نەبوومایە وەرم نەئەگرت ... پیاو کە ناچاربوو خێرو سەدەقەش قبوڵ ئەکات .**

**ح . ڕەشید: دوور لە تۆ ، میرزا ، تۆ خوێندەواری ، شتی وا مەڵێ ناعیلاجی چی ؟ ساخو سەلیمی ، مەعاش خۆری ... شوکوری خوابکە .**

**«ئافتاو برنجەکە ئەهێنێ لەبەردەمی حاجیدا دای ئەنێ»**

**ح . ڕەشید: ئەوا ئەو برنجەم دا بە تۆ لە سەر فترەی ئەمساڵدا کە خوا لە سەرمنی فەرز کردوە .**

**میرزا: ئەوا قبوڵم کردو دامەوە بە خۆت بەقەرز .**

**«ئەم کردارە (٧) جار لە نێوان حاجیو میرزادا بەردەوام ئەبێ ، بەڵام بە شێوەیەکی بێدەنگ»**

**ح . ڕەشید: (هەڵئەستێ ، بەسەر پێوە) سەرفترە بە زیادەوە داینێ باشترە ، بۆ تۆش بەزایە ناچێ ، هەر سەرەی بەروبعێك ئەکاتە دوو دینار چارەکێ کەم «ئەروات».**

**میرزا: حاجی ژن منیش ئەمەوێ بڕۆم .**

**ئافتاو: بە خوا دائەنیشی ، میرزا باچایەکی جوانت بۆ تێکەم «بەدەم**

چاتێکردنەوەوە» ئی ی ماڵ و منالّ چۆنن ، خۆ شکور شەمسەخان باشە .

میرزا: دەستت ماچ ئەکەن ... شەمسەش ئەحوالّت ئەپرسێت.

ئافتاو: ئەی ئەوە بۆ نەت هێنا لە گەڵ خۆت ، تۆزێ بۆ خومان دائەنیشتین «چاکەی ئەداتە دەست»

میرزا «چاکە وەرئەگرێ»: بەخوا ئەویش خەریکی منالّەکان بوو «بەدەم چاخواردنەوە بیر لە و دوو دینارە ئەکاتەوە» (مەنەلۆگی میرزا) زۆر چاکە دوو دینارو ڕوبعێك کەم فریای ئەم جەژنامان ئەکەوێ ... بەیانی عارفەیە ... هەر کەوەرمگرت یەکسەر گۆشت و سەوزەی تەواوی پێ ئەکرم «زەردەخەنە ئەیگرێ» کراسێکی بۆ شەمسەش تیائەبێ ، منالّەکانیش بێ بەش ناکەم «هەناسەیەك هەڵئەکێشێ» ئی ی پارە من ئاواو حاجی یش ئاوا ... خۆ بە خیلی پێ نابەم ... بەلاّم زەمانەیەکی پیسە .

ئافتاو ئەوەچی یە میرزا چاکەت سارد بۆوە بۆ نایخۆیتەوە ؟

میرزا «رائەچڵەکێ ، بە پەلە چاکەی ئەخواتەوە»: بە خوا حاجی ژن ئەڵێم درەنگم کرد ، بابڕۆم چاکە ... خوا حافیز ... ماڵتان ئاوابێت «ئەڕوات»

«برین»

«دیمەنی نۆیەم»

«بەیانی یە ، میرزا خەریکی دووکانەکەیە ، گەسکی ئەداو بە جامێك ئاو ئاوپرژێنی ئەکات ... پاشان دەفتەرو شتەکانی ئامادە ئەکات و لەسەر مێزەکە دانیشێ ، حاجی دێتە ژورەوە ، میرزا بۆ سەر مێزەکە فەرمووی لێ ئەکات ، دائەنیشن

ح . ڕەشید: میرزا ، تازووەو سەرمان قالّ نەبووە ، قەڵەمەکەت دەرهێنەو باحسابی خۆمان بکەین .

میرزا: حسابی چی ؟

ح . ڕەشید: چۆن حسابی چی ؟ تۆ دوو دینارو ڕوبعێ کەمت لای من هەیە .

میرزا: باشە ، ئیتر ئەمە حسابی ئەوێ ؟

ح . ڕەشید: ئای .. تۆ ئەڵێی ئەمرۆ هاتوویتە بازار ، چۆن حسابی ناوێ ؟ هەموو شتێك حسابی ئەوێ ، برامان برایی کیسەمان جیایی .

میرزا: باشە ، دەی فەمووو ، ئەمە قەڵەم و ئەوە کاغەز

ح . ڕەشید: بنووسە دوو دینار چارەکێ کەم.

میرزا: ئەوا نووسیم .

ح . رشید: ئێ زۆر چاکە ... دەی من چیم لای تۆ هەیە ؟

میرزا «بەسەر سوڕمانەوە»: وەڵلاّ نازانم لەبیرم نی یە تۆ هیچت لای من بێ ...

ح . ڕەشید: جاتۆ لە بیرت نی یە ، من لە بیرمە ، زستان پێڵاوەکانت درابوو ، دووکانەکەت پیس ئەکرد ، جووتێ پێڵاوم یایتێ ، قەی ناکا بالەبەر تۆ بەدینارێك داینێین .. بنووسە دینارێك.

میرزا: بۆچی بە چەندت کریبوو ، وابەکۆنیش دینارێك لەسەر من حساب ئەکەیت .

ح . ڕەشید: ئای .. کاکی خۆم خۆتۆ ئەهلی بازاری ، لە بازار قسە لەسەر ئەوەنی یە بە چەند کراوە ، قسە لەسەر نرخی ڕۆژە ، کۆنی چی و شتی چی ، تاقە زستانێك لەپێم کردبوو ، هێشتا تازەو نوفت و نوێ بوو .

میرزا: دەباشە ئەوا نووسیم دینارێك .

ح . ڕەشید: ئەو ڕۆژە حاجی فەتحوڵلاّ سندووقە چاکەی لێ کرین ، چارەکێ چای نموونەت ڕشت ئەویش سێسەد فلس .

میرزا: چارەکە چاکەم کۆ کردەوەو کردمە سنوقێکی ...

ح . ڕەشید «پێ ی ئەبرێ»: کۆکردنەوەی چی و سنووق چی نەختیکت کۆکرد ئەوەی ترت تێکەڵی خۆڵەکە کرد ... گەسکت لێ دا ... قەی ناکا بنووسە دووسەد فلس.

میرزا: دەی باشە ئەمە دینارێك و دووسەد فلس .

ح . ڕەشید: تەختەی دوو سنووقە چات بردەوە ، کورسی پێ دروست بکەی ... ئەویش یەکی نیو دینار ، بنووسە دینارێك .

میرزا ئێ تۆ ئەڵێی بە نرخی ڕۆژ ، باشە ئێستا تەختەی سنووقەچاچەند ئەکات ؟

ح . ڕەشید: ئەوسا زستان بوو زیاتریشی ئەکرد ، باشە بە نرخی ئیمرۆ دای ئەنێین ... هەردووکی بنووسە (٨٠٠) فلس ... ئەوە بووە دوو دیناری تەواو .

میرزا: بەڵێ تەواوە .

ح . ڕەشید: میرزا تۆ دینارێك و حەوسەدو پەنجا فلست پارەی سەر فترە لای منە ، جا لە دوو دینارەکەی دەرکە ئەمێنیتەوە ڕو بعێك .... یعنی تۆ ڕوبعێکت لایە ... قەی ناکا ئەویش جەژنانەی ئەم جەژنەت بێ ... ئیتر پاکیان لە پیس

میرزا (بەزەردەخەنەوە): جا بۆچی بەو ڕوبعەدینارە سەرفترەی ساڵێکی ترم سەلەم ناکەی؟

ح . ڕەشید: حسابی ساڵێکی کە وەختی خۆی ئەیکەین ، ئێستا چۆن بێ جەژنانەو بە دەستی بە تالّ دڵم بێ لەم دووکانە بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە .

– تەواو –